کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:55 4-8-2007

## خورمش... !؟ ... بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail. com

کۆمەڵگەی کوردستان لەژێر کاریگەریی سیاسەتی دووبەرەیی و لێکجوداکردنەوەی پەیوەندییە ئۆرگانییەکانی نێو کۆمەڵگە و مانەوەی هەژموونی سیاسەتەکانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان وای لێهاتووە بێئەوەی بخوازێت کەوتۆتە لاساییکردنەوەی وەکخۆی سیاسەت و ڕەفتاری گەورەکان.



کوردستان کە لە ساڵانی شەڕی نێوخۆدا کەوتبووە بەر نەشتەری لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانەکانی (بە خێزانیشەوە) عەودالّی دوای دۆزینەوەی ئەو ناو و ئاماژە و دەستەواژە داتاشراوانەبوو کە دەیویست لە ڕێگەیانەوە خۆی لە بەرەی بەرامبەر جیاواز بکات، هەر کە دەمی هەرکێت دەکردەوە لە هەر ئاستێکی فیکری و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئیداریدا بە بەکارهێنانی ناو و ئاوەڵناوەکان لە ئاخاوتنەکانیدا بۆت دەردەکەوت کە سەر بەچ بەرەیەکە، لە نموونەی ئاوەڵناوەکانی (قوتابی و خوێندکار و سەندیکا و یەکێتی و ئافرەت و ژن و.. هتد) کە ئەمانە لەسەر ئاستی باڵای بیرکردنەوە و بڕیاردانی ئەو دوو حیزبەوە کاریان لەسەر دەکراو و شۆڕکرابووەوە بۆ نزمترین ئاستی کۆمەڵگە و لە پاڵ ڕەنگ و بەیداخە جیاکاندا کۆمەڵگەیان پێ هەڵدەوەشێنرایەوە و جیاوازییەکانیان پی دەردەخستن.
بەداخەوە یەکێك لەو توێژانەی زۆر بە وردی ئەم لێکترازاندنەی لەسەر ئەنجامدرا ئەو کوڕ و کچانەبوو کە تەمەنیان لەنێوان (16 بۆ 35) ساڵ بوو، ئەمیان پێی دەگوت لاو و ئەوی دیش گەنج یان خوێندکار و قوتابی! بەڵام پاش ئاشتبوونەوە و پێکهاتن پاش دانان بەو هەڵانەی لەوساڵانەدا دەرهەق بە کۆمەڵگە و نیشتمان کراون و لە هەوڵێکدا بۆ ساڕێژکردنەوەی برینەکان، هەردوو لایەنی یەکێتی و پارتی هەوڵی ئەوە ئەودەن کە لانی کەم نێوانی لەیەکترترازان و جیاوازییە ئاوەڵناوییەکان کەم بکەنەوە و بە چەسپی سەریعی سیاسی و تەبایی و هاودەسەڵاتی و بەرژەوەندی هەموو ئەوانەی دروستیان کردبوون یەکیان پێ بگرنەوە و بیانکەن بە یەك، ئەوەتا هەر ڕێکخراوی یەك پیشەو ناوجیاوازە یەکیان پێدەگیرێتەوە و بەهەمان شێوەش بەبی گوێدانە بنەما ڕێزمانییەکانی زمان و واتا و مەبەستەکان ئاوەڵناوەکانیش پێکەوە گرێدەدەن لە نموونەی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان + کۆمەڵەی هونەرمەندان-= سەندیکای هونەرمەندان، یەکێتی ڕۆژنامەنووسان + سەندیکای ڕۆژنامەنووسان -= سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و... هتد) بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە ناو بۆ (ژنان ـ ئافرەتان و قوتابیان ـ خوێندکاران و گەنجان ـ لاوان) بدۆزنەوە و لەمەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام لە دەرەوەی ئەوان کۆمەڵە گەنجێکی سلێمانی کە داواکارییان لە حکومەت هەبوو بۆ ئەوەی خۆیان بەبی لایەن پیشان بدەن و بڵێن ئێمە پەیوەندیمان بەو بەزمانەوەنییە کە ئێوە کردوتانن، بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و خۆیان بە (گەنجلاو) ناساند، واتە هەم گەنجن و هەم لاو!؟ پێکەنینی گەورە لەوەدایە کە گەنجانێکی و ئەم وڵاتە کە خاوەنی دەیان نەهامەتی و موعاناتن نەوێرن بۆخۆیان داواکارییەکانیان بە ناوێکەوە لەوناوانەی وەك ئاوەڵناو بۆ قۆناغێکی فسیۆلۆژی هەیانە بیدرکێنن و لە سایەی سیاسەتی ناواندن و لێکترازاندن و چەسپکردنەوەدا ئا بەمجۆرە ناو دابتاشن و بەوجۆرە خۆیان بناسێنن و نە دڵی ئەملا و نەهی ئەولا بشکێنن!؟ ویستویانە بڵێن گرنگ نییە چیمان ناو لێدەنێن گەنج یا لاو یان هەردووکیان گرنگ ئەوەیە لە کێشەکانمان بگەن و ڕێگەچارەیەکمان بۆ دابنێن!؟ دەیانەوێت بڵێن قبوڵمانە گەنج بین یان لاو بەڵام بە شکۆمەندی و بەختیاری و بەهرەمەندبوون لە توانکانمان بژین!؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەڕای من ئەم ناوهێنانی (گەنجلاو) انەش دیسان موعاناتی گەورەیە و ئەو برینە سارێژنەبووانەمان نیشان ئەدات کە شەڕی نێوخۆ و ململانێی دەسەلأت لەم ولأتەدا دروستی کردوون و پێویستسان بە چارەسەر هەیە، خۆ ئەگەر دەسەلأت نەشی توانیبێت زمانی کوردی وەك زمانی نووسین یەکبخات با هەر هیچ نەبێت ئەو ئاوەڵناوانە ڕێکبخاتەوە کە دەکرێت ڕێکبخرێنەوە ەئەگینا بەدووری مەزانن کە لە داهاتوودا کۆمەڵەیەك یان گرووپێك پەیدابن و ناویان لە خۆیان نابێت ژنافرەتان (ژنان + ئافرەتان) یان قووتکاران (قووتابیان + خوێندکاران) و لەسەر ئەم تەرزەنوێیەی خۆکۆکردنەوە زمانمان تێکبچێت و کەسیش نەبێت خۆی بە بەرپرسیار بزانێت.

لە زمانەکانی دونیادا داهێنانی پیت و ناو و دەستەواژە و وشە خەلأتی لەسەر وەردەگیرێت و ئەوانەی بەتەنگ زمانی نەتەوەکەیانەوەن زەمینەسازی تەواو بۆ خەڵك دەکەن تا پەرە بە زمانەکەیان بدەن بەلأم ئەوەتا لای خۆمان بەدەست هەڵەکانی سالأنی ڕابردوو بەرد و دار هاتۆتە زمان و هەریەك لای خۆیەوە ئیبداعی لەمجۆرە لە زمانی شیرینی کوردیدا دەکات.

کاتی ئەوە هاتووە لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت و پسپۆڕ و خەمخۆرانی زمانی کوردی، خەمێك لە ئاوەڵناوە هەتیو کەوتووەکانی نێو زمانی کوردی و زەمانی دووئەمارەتی یەکێتی و پارتی بخۆن و لێزانانە یەکیان بخەنەوە، گەر لێکترازان و جیاوازی سیاسی و فیکریشمان هەیە بتوانین لە ڕێگەی زمانەوە بەیەك بگەین و زمان بکەینە هۆکارێکی تر بۆ نەهێشتنی جیاوازی نەتەوەیی و گوتاریی سیاسیمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.